OCHA

# قەیرانی ئاوارەکانی عێراق

راپۆرتی بارودۆخ ژمارە. ١٤ (٢٦ ئەیلول –٣ی ئۆکتۆبەر)

ئەم راپۆرتە لەلایەن نووسینگەی رێکخەری کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی مرۆیی ئامادەکراوە. ماوەی ٢٦ی ئەیلول هەتا ٣ی ئۆکتۆبەر لە خۆدەگرێت. لەبەر گۆرانی هەرمەمەکی بارودۆخەکە ئەگەر هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان بە لیستێك دانراون لەو راپۆرتە چیتر دەقیق نەبێت. راپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری ٢٠١٤/١٠/١٠ دا بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- حکومەتی عێراق ٥٠ بلیۆن دیناری عێراقی کە دەکاتە (٤٣ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی) بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەم هەفتەیە دەرچوو. پلانێکی هاوشێوە بۆ تەواوی عێراق لە ژێر گفتوگۆدایە لەگەڵ حکومەتی عێراق.
- دەستگەیشتنی مرۆیی لە زۆربەی بەشەکانی رۆژئاوا و ناوەراستی عێراق زۆر بە خراپی سنووردارکراوە، کە کاردەکاتە سەر توانای هاوکاران لە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی.
- هاوکاران دەستیان بە ئامادەکاریەکان کردووە بۆ وەرزی زستان، بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەست دان ناتەواون بۆ پرکردنەوەی پێویستیەکان. هەبوونی بەنزین بە نرخی هەرزان بۆ ئاوارەکان بریتی یە لە نیگەرانیەکی گەورە.




## تێروانینێکی بارودۆخەکە

دوبەداوی راوێژکردنێکی چڕوپڕ لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەرچوو. بەڵگەنامەکە کە بریتی یە لە بەشێکی گەورەی پلانی ستراتیژی وەڵامدانەوە، دەستنیشانی بەپەلەترین پێویستیەکان دەکات بۆ نزیکەی ٨٦٠٠٠٠ ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەتا دەستپێکی وەرزی زستان، لە ناوەراستی مانگی ١١. ئامانجە سەرەکیەکان بۆ ئەم پلانە ئاوارە زۆرترین زیان بەرکەوتووەکان دەگرێتە خۆی، لەوانە ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی کراوە و قوتابخانەکان و باڵەخانە تەواونەکراوەکان دەژین. کەرتەکانی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاووئاوەرۆ و تەندروستی و خۆراك و پەروەردە پۆلین کراون لەم پلانەدا، کە شیکاری پێویستیەکان دەکات، ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان و بۆشاییە داراییەکان.

پلانەکە ئەوە دەستنیشان دەکات کە چارەسەریەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی بەپەلە پێویستە بدۆزرێنەوە بۆ ٣٩٠٠٠٠ ئاوارە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستدان تەنها بەشی ٢٢٤٠٠٠ خەڵك دەکات کە نزیکەی ١٤٦٠٠٠ خەڵك بەبێ شوێنی نیشتەجێبوون دەمێننەوە. گواستنەوەی ئاوارەکان لە قوتابخانەکانەوە بۆ شوێنی جێگرەوە وەکو کارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە. کەل و پەلەکانی وەرزی زستانە کە لەبەر دەستدان تەنها بۆ نیوەی حالەتە کەلەکەبووەکانی ئاوارەکان ئامانجکراوە لەلایەن پلانەکە، لەوکاتەی بۆشاییەکان لە تەندروستی و خۆراك دەستپێشخەریە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە و دەبێت سیستەمی دابەشکردنی گشتی و ناردنی دەرمانەکان لەلایەن دەرمانخانەی ناوەندی دووبارە دەست پێبکاتەوە. گواستنەوەی ئەم دوایەی ٥٠ بلیۆن دیناری عێراقی کە دەکاتە (٤٣ ملیۆن دۆلاری

+ For more information, see “background on the crisis” at the end of the report

www.unocha.org
The mission of the United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs (OCHA) is to mobilize and coordinate effective and principled humanitarian action in partnership with national and international actors.
Coordination Saves Lives

ئەمەریکی) لە لایەن حکومەتی عێراق لەم هەفتەیە بۆ هاوکاری کردنی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشداری دەکات لە پڕکردنەوەی پێویستیەکان. لەوە تێگەیشتوون کە پاڵپشتی دارایی زیاتر دەگوازرێتەوە لەماوەیەکی نزیك.

سێیەم زنجیرەی کۆبوونەوەکان لە نێوان نووسینگەی جێگری سەرۆك وەزیران و نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا باسیان لە دەستپێشخەریە بەپەلەکان کرد بۆ هاوکاری کردنی ئاوارە زیان بەرکەوتووەکان لەسەرتاسەری عێراق. بەشداربووان ڕێککەوتوون لەسەر پێویستی باسکردنی زیاتر لە پلانی ئۆپەراسیۆنی بۆ دەستنیشانکردنی پێویستیەکانی ئاوارەکان لەسەرتاسەری عێراق بۆ شوێنی نیشتەجێ و خۆراك و ئاو و خاوێنکردنەوە، و کەرتەکانی پەروەردە لە کۆتایی مانگی ١١، کە زیاتر باسی لێوە دەکرێت لە ژێر سەرکردایەتی حکومەت و دەبێتە ئەنجامی گفتوگۆیەکان لە نێوان وەزارەتەکانی تەکنیکی و ئاژانسە تایبەتمەندەکان/ سەرکردەکانی گروپەکان. بە درێژایی کۆبوونەوەکە نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەست گەیشتن و نەبوونی ئاسایش بریتین لە ئاستەنگە گەورەکان بۆ دابین کردنی هاوکاری مرۆیی لە هەندێ بەشی وولات و داوای هاوکاری لەلایەن حکومەت دەکرێ بۆ ئاسانکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تێپەڕاندنی سنور. بەتەنها لە پارێزگای ئەنبار ٤٠٠٠٠٠ ئاوارە هەن بۆ ئەوەی کە هاوکارانی مرۆیی پەیوەندی بکەن تەنها دەستگەیشتنێکی زۆر سنورداریان هەیە. لەوکاتەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەوڵەکانیان چڕدەکەنەوە بۆ گەیشتن بەو ئاوارانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە، زۆر کەم دەبێتەوە لەوەی کە داواکراوە.

هاوکاران دەستیان بە ئامادەکاریەکان کردووە بۆ وەرزی زستان، کە بە خێرایی نزیك دەبێتەوە. لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەو شوێنەی کە پلەکانی گەرما بە درێژایی وەرزی زستان دەگۆڕێ لە نێوان +٥ س و -١٦ س هەندێ لە ٨٠٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆ ئێستا پێویستی بەپەلەیان هەیە لە فریاگوزاری وەرزی زستان لەوانە بەتانیەکان و کیرۆسین و تەباغەکانی گەرمکەرەوە، گالۆنەکان و کەل و پەلەکانی چەسپ کرد، وەکو ڕایەخی سەر زەوی و تەختەی پۆلیسترینی بۆ گەرمکردنی ڕەشماڵەکان و بەرگری زیاتر بۆ بارودۆخەکانی وەرزی زستان. هەرچەندە ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە لەبەر دەستدایە تەنها نیوەی پێویستیە دەستنیشانکراوەکان پڕدەکاتەوە. پارێزگاری بەردەوامە لە دڵنیاکردنەوەی کە هاوکاریەکان بۆ کیرۆسین بۆ چێشتلێنان و گەرمکردنەوە گەرەنتی دراون بۆ ئاوارەکان، شتێك کە کاریگەریەکی زۆر ئەرێنی دەبێت هەروەك ئەو سەرچاوانەی کە ئێستا هەن بەشی تەنها پڕکردنەوەی پێویستی بەنزین دەکات بۆ ٤٧٠٠ خێزانی ئاوارەی سوری و ٣٠٠٠٠ خێزانی زیان بەرکەوتوو لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ دوو مانگ.

لەسەرتاسەری عێراق، بارودۆخەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە هەروەك دانیشتووانی ئاوارە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرتەوازە بوون، گەڕۆکن و پێویستیەکی زۆریان هەیە. بە گوێرەی سیستەمی بەدواداچوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران لە ٢٨ی ئەیلول کە نوێ کراوەتەوە، لەوەتەی ڕاپۆرتی ڕابردوو ئاوارەبوون تۆمارکراوە لە ناو خودی پارێزگای کەرکوك (زیاتر لە ٤٨٠٠ خێزان) دوبەدوای ڕووداوەکانی ئاسایش لە حەوێجە و بەهۆی بارودۆخی ژیان و گوزەران لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان لە ناو خودی شاری کەرکوك. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی سنوردارکراو لە خاڵە جیاوازەکانی پشکنین لە پارێزگای کەرکوك کاریگەری دەکاتە سەر ئازادی جولانەوەی ئەوانەی کە خەڵکی کەرکوك نین. ٣٧١٧ خێزانی ئاوارەی تر لە موسڵ هەڵاتوون بەرەو تلکێف لە باکوری موسڵ و زاخۆو قەزاکانی پارێزگای دهۆك و شاری هەولێر، هەروەها بابل (٦٢٣)، بەغدا (٢٢٧) نەجەف (١٤٦) میسان (٨٩) و زیقار (١٢٩). لە پارێزگای ئەنبار ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاوارەبوون لە ناو خودی شارۆچکەی فەلوجە و قەزای ئامریە (٩٥٠ خێزانە) سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی جولەی هاووڵاتیان سنوردار دەکەن.

ئاوارەبوون لە بەغدا بەردەوامە هەروەك خێزانەکان هەڵدێن لە گەرەکێك بۆ گەرەکێکی تر بۆ نیشتەجێبوون. ئاوارەبوونی زیاتر لە بابلەوە بەرەو شاری پایەتەخت بینراوە هەروەك ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراق و گروپە چەککدارەکان بەردەوامە لە باکوری پارێزگاکە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ٤١٠٠ خێزان لە سامەڕا، لە پارێزگای سەلاحەددین، شاری هەولێریان بەجێهێشت بەهۆی بارودۆخەکانی ژیان و گوزەرانی هەژاری و نرخە بەرزەکانی کرێ، کە ئەوان ناتوانن چیتر بیدەن. لەو ئاوارانە، ٢٠٠ خێزان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی زێدی خۆیان لە قەزاکانی بێجی و شەرگات و ٢٨٠ ئاوارەی تر جولاون بەرەو قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر و ئەوانی تریش پێشبینی دەکرێن بڕۆن. هاوکارانی مرۆیی نیگەرانن لەبارەی ئەگەری شەپۆلێکی نوێ ی ئاوارەبوون، زیاتر لەو ملیۆنەی کە پێشوەختە ئاوارەبوون. دەبێ ئەمە ڕوویدات، توانای فریاگوزاری کۆمەڵگا بۆ وەڵامدانەوە زیاتر درێژ دەکرێتەوە.

هەڵسەنگاندنێکی ئەم دوایەی پارێزگاکانی کەربەلا و نەجەف نیگەرانیەکان بەرز دەکاتەوە لەبارەی دەرکردنی ئاوارەکان کە لە مزگەوتەکان و خانووەکانی میوانداری نیشتەجێن پێش دەستپێکی ڤیستڤاڵی ئایینی یادکردنەوەی مردنی ئیمام حسین. ڕێپێوانی ڕۆژی عاشورا دەست پێدەکات لە کۆتایی مانگی ١٠ و سەرنجی نێوان ٣ تا ١٢ ملیۆن میوان ڕادەکێشێ.

دەسەڵاتدارانی ئایینی و مەدەنی نەجەف دڵنیایی دەدەنە هاوکاران کە دەرکردنی هیچ ئاوارەیەك لە ئارادا نابێت لە ماوەی ڕۆژی ڕابردوو.

## وەڵامدانەوەی مرۆیی

ڕێکخراوی UNDP بانگەشەی پرۆژەی پێشنیارەکان دەکات لە نێوان ٥٠٠٠٠ دۆلای ئەمەریکی و ٣٠٠٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکی لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەپەلەکانی ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوچەکانی کۆکردنەوەی داهات و دامەزراندن، و ژێرخانی سەرەکی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتی. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن:
http://www.iq.undp.org/content/iraq/en/home/ourwork/crisispreventionandrecovery/smallgrants/

### ئاو و پێداویستی تەندروستی و خاوێنکەرەوە

پێویستیەکان:

- باڵادەستی بارودۆخی ئاسایش ئەستەم دەبێت لە دەستگەیشتن بۆ پارێزگاکانی ئەنبار و هەندێك لە قەزاکانی بابل. دەست گەیشتن ئاڵۆز بووە بەهۆی ئەستەمی ڕاگرتنی ئەمن و ئاسایشی پاککردنەوە لەلایەن دەسەڵاتداران بۆ دابین کردنی چالاکیەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

- ڕاهێنانەکانی پێداویستی ناوماڵ لە نێوان ئاوارەکان بە کەمی دەمێنێتەوە لە ناوەڕاست و باشوری پارێزگاکان. پێویستیەك هەیە لە بەرزکردنەوەی ڕاهێنانی پێداویستی ناوماڵ بۆ ستافی ناوخۆی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ دروست کردنی تێگەیشتنێکی گەورەتر لە نێوان دانیشتووانی ئاوارەکان بۆ خۆ ڕاهێنان لە ڕاهێنانی پێداویستی ناو ماڵی باشتر.

وەڵامدانەوە:

**ناوەند و باشوری عێراق:**

- گروپەکە و هاوکارانی ناوەخۆ دەستپێشخەریەکانی ئاوئاوەڕۆیان دابین کرد بۆ ٢٥٠٠٠ خێزانی ئاوارە لە کۆی ٥٨٠٠٠ خێزانی ئامانجکراو لە قەزاکانی پارێزگای ئەنبار لە هیت و خالدیە و حەبانیە و ئەمریات و فەلوجە و هەندێ قەزای تری پارێزگای بابل.

- هاوکارانی ناوەخۆ بوتڵی ئاویان بۆ ٤٦٣٢٠ ئاوارە دابین کردووە لەسەر شەقامی سەرەکی بەیەکەوە بەستراوی نەجەف و کەربەلا، هەروەها بۆ ئەوانەی لەسەر شەقامی سەرەکی نێوان نەجەف و دیوانیەن.

- پێداویستی هەرزەکاران دابەشکراون بۆ ١١٥٠٠ ئاوارە لە پارێزگای قادسیە و قەزا بچوکەکانی دیوانیەی بەیدەر و غەماس و مەهانویە و سلاحیە.

- ٣٠٠٠٠ لیتری ئاوی تانکی خەزن کراو ئێستا خزمەتی ١٥٠٠ ئاوارە دەکات لە پارێزگای قادسیە و قەزا بچوکەکانی دیوانیەی مەهانویە. ٣٢٥٠ ئاوارە ٢٧٠٠ سابونی سەر ئاویان وەرگرتووە لە قەزای بچوکی غەماس.

- کۆی ١١٠٠ خێزان کە دەکاتە (٦٠٠٠ خەڵك)، لە قەزای بچوکی دیوانیە لە ئەلشەنافیە ١٦٠٠ پێداویستی خاوێنکەرەوە و ١١٠٠ بەتانی و ١١٠٠ سەتڵ و ٣٠٠٠ سابونی سەرئاو ٧ تانکی ئاوی خەزنکراو (٥٠٠٠ لیتری ئاو بۆ هەر یەکێکیان) و ١١٠٠ پارچەی نووستن بۆیان دابین کراوە.

- ٣٠٠٠ ئاوارە ١٢ تانکی ئاوی چەسپکراویان هەیە لە قەزا بچوکەکانی شۆمەلی و نعمانیە لە پارێزگای واسیت.

- لە قەزای عەمارە، لە پارێزگای میسان، ٢٥٠٠ ئاوارە کەل و پەلی پێداویستی هەرزەکارانیان وەرگرتوە، لەوانە ٥٠ کەل و پەلی خێزانی ئاوی سەرەتایی و ٢٠٠٠ سابونی سەرئاو و ١٠٠٠ گالۆن و ٥٠٠ سەتڵ و ١٠ تانکی ٥٠٠٠ لیتری ئاو و ٥٠٠ گسکی ناوماڵ.

- لە پارێزگای ئەنبار لە قەزای هیت (سەنتەری هیت، کوبەیسیە، ئەلفورات، ئەلماموره) تانکیەکان ١٧٥٥٥٥ لیتری ئاو دەگەیەنن، کە خزمەتی ١٣٦٦ خێزانی ئاوارە دەکەن کە دەکاتە (٨٢٠١ خەڵك) لەگەڵ ٢١ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك، لەسەر بنەمای ڕۆژانە. لە سەنتەری هیت، ٥ تەن پاشماوە کۆکراونەتەوە ڕۆژانە لەلایەن ٤٣٤ خێزانی ئاوارە کە دەکاتە (٢٦٠٢ کەس) و ٧ تەن لە ئاوی زێراب کۆکراوەتەوە لە قەزای هیت لەسەر بنەمای ڕۆژانە. لە ئامریاتی فەلوجە، ٥٣١٠٤ لیتری ئاو کە دەکاتە (٢٠ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك) دابەشکراوە ڕۆژانە بۆ ٤٤٨ خێزانی ئاوارە کە دەکاتە (٢٦٨٧ کەس)، و٢,٢٥ تەن لە پاشماوە کۆکراوەتەوە لە ٢١٢ خێزانی ئاوارە. لە قەزای خالدیە، تانکەرەکانی ئاو ١١١٠٤٩ لیتری ئاو دەگەیەنن بە ٩١٢ خێزانی ئاوارە یان ٥٤٧٤ کەس (٢٠ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك) ١,٧٥ تەن لە پاشماوە و ٣ تەن لە ئاوی زێران کۆکراونەتەوە ڕۆژانە لە ١٩٣ خێزانی ئاوارە لەوێ. لە حەباننیە، تانکەرەکانی ئاو ٦٦٣٧٠ لیتری ئاو ڕۆژانە کۆمەکی بۆ ٤٢٥ خێزانی ئاوارە دەبەن یان ٢٥٥١ کەس (٢٦ لیتری ئاو بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك). دوو تەن لە پاشماوە کۆکراونەتەوە ڕۆژانە لە بۆ ١٨٠ خێزانی ئاوارە.

**هەرێمی کوردستان - عێراق:**

- لە زاخۆ، پارێزگای دهۆك، هاوکارانی مرۆیی دەستیان دەگات بە ئاوارەکان کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکان دەژین. ٩٥٥١ گالۆن دابەشکراون، ١٤٠٠٠ سەتڵ و ٢٠٠٠ کەل و پەلی ئاوی خێزانی و ١٠٠٠٠ دەستەی سابون کە سوود دەگەیەنێت بە نزیکەی ٩٠٠٠٠ خەڵك. تاوەکو ئیمڕۆ ٥٧٧ تەوالێت بنیاتنراون کە سووددەگەیەنێت بە ٢٩٠٠٠ ئاوارە. لە شاری دهۆك ٥٥٠٠ گالۆن و ٨٠٠ کەل و پەلی پێداویستی ناوماڵ و ١٨٤ تەوالێت بنیاتنراون کە سوود دەگەیەنێت بە نزیکەی ٣٣٠٠٠ خەڵك.

- لە عەنکاوە، شاری هەولێر، ٢١٣٤ کەل وپەلی پێداویستی ناوماڵ دابەشکراون، تانکەری ئاو دابەشکردن بەردەوامی هەیە لە ١٠ قوتابخانە و سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکان، کە سوود دەگەیەنێت بە نزیکەی ١٢٠٠٠ خەڵك.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- ئۆپەراسیۆنەکانی سەربازی زۆربەی شەقامەکانی داخستووە کە دەچێت بۆ ئامریە فەلوجە و ئەمەش ڕێگر دەبێت لە گەیاندنی ڕۆژانە بۆ سوودمەندبووانی ئاو.

- سنورداریەکانی ئاسایش لەسەر شەقامەکان کە دەچێت بۆ بەغدا بۆ پارێزگاکانی باشور هەروەها بۆ بەغدا بۆ پارێزگای ئەنبار کاریگەری دەبێت لە توانای وەڵامدانەوەی مرۆیی.

## ئاسایشی خۆراك

پێویستیەکان:

- گروپەکە ٣٠٠٠ پسوولەی وەڵامدانەوەی بەپەلەی دابین کردووە وەکو (پاکێتەکانی خۆراك بۆ ٧٢ کاتژمێر) بۆ ژمارەیەکی خەملێنراوی ٣٠٠٠ ئافرەت و منداڵ کە ئاوارەبوون بەهۆی شەڕوشۆڕەوە لە سێ گوندەکانی داقوق کە قەزایەکی بچوکە بە ٤٠ کم لە باشوری شاری کەرکوك. ئاوارەکان لەسەرتاسەری قەزاکە پەرش و بڵاوبوونەتەوە بەبێ ئاو و خۆراك. هاوکارێکی گروپێك پسوولەکانی خۆراکی وەڵامدانەوە دابەش دەکات و ٣٠٠٠ کەل و پەلی پێداویستی ناوماڵ بۆ ئاوارە نوێ یەکان. هاوکارێکی تری ناوخۆ کۆمەکی دەکرێ بە پارچەکانی خۆراکی خێزانی بۆ دابەشکردنەکان بۆ وەکو ماندووبوونی خۆراکی فریاگوزاری.

- لە کۆتایی مانگی ئەیلول ٢٠١٤، ژمارەی سوودمەندبووان کە هاوکاری خۆراك وەردەگرن زیاتر بوو لە یەك ملیۆن خەڵك. هاوکاری خۆراك بووەتە پێویستیەکی سەرەکی بۆ ١,٨ ملیۆن خەڵك، لەوانە ئاوارەکان، کۆمەڵگا خانە خوێکان و گروپە زیان بەرکەوتووەکان.

وەڵامدانەوە:

- هاوکارانی گروپی خۆراك ئاستی هاوکاری زیاد دەکەن و دەستگەیشتنیان بۆ ناو پارێزگاکان فراوانتر دەکەن بۆ ئەو قەزایانەی کە لەوێ ئاسایشی خۆراکی ئاوارەکان و دانیشتووانی خانەخوێ هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە کە لە مەترسی دابێت.
- ئاستی تێکەڵاو هەن لە دەست گەیشتن بۆ دابین کردنی هاوکاری بۆ پارێزگاکانی ئەنبار و دیالە و پارێزگای زیان بەرکەوتووی ململانێ ی تر. دەست گەیشتنی لایەنی سێیەم بەدەستهێنراوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەو ناوچانە. هاوکاری خۆراکی بەردەوام دابین کراوە لە پارێزگاکانی موسڵ و ڕۆژهەڵاتی ئەنبار و باشوری ناوەڕاستی دیالە و زیقار.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- زۆربەی ئاوارەکان لە ناوچە بێ ئەمن و ئاسایشەکان دەمێننەوە کە بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دا نیە.
- گروپەکە گفتوگۆ دەکات لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی سیستەمی دابەشکردنی گشتی لە ناوچەکانی کە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی دایە، بۆ هاوکاری کردن لە دابین کردنی خۆراك بۆ ئاوارەکان. ئەگەر سیستەمی دابەشکردنی گشتی دووبارە دەستپێکرایەوە، هاوکاری خۆراکی زیاتر ئەوکات کۆمەکی ئەوە دەکات کە دابین کراوە لەلایەن نەخشەی حکومەت. ئاسایشی خۆراك بۆ زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس، کە ئاوارە نەبوونە، بەڵام پشت دەبەستن بە سیستەمی دابەشکردنی گشتی بۆ زیاتر لە سەدا ٥٠%ی وەرگرتنی ووزەیان، ئەویش کەوتۆتە مەترسیەوە بەهۆی ململانێیەکە.

## شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکانی کە ناخۆراکین

پێویستیەکان:

- هەڵسەنگاندنەکان لە باشور و ناوەڕاستی عێراق ١٢٠٠٠٠ ئاوارەی دەستنیشان کردووە کە پێویستی بەپەلەیان هەیە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و هاوکاری وەرزی زستانە .

وەڵامدانەوە:

- هەموو ٥٤٦٧ ئاوارەکان کە ٥٣ قوتابخانەیان داگیرکردووە لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە پارێزگای سلێمانی بە خۆبەخشانە گواستراونەتەوە. ١٦٠ خێزانی ئاوارە یان ٦٠٠ کەس، جولێنراون بەرەو کەمپی ئاوارەی عەربەت، لەوکاتەی خەڵکە ئاوارەکانی تر شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین کراوە لە شارەکانی چەمچەماڵ و قەڵادزێ و کەلار، بەگوێرەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی. هەروەها زۆربەی ئاوارەکان شوێنی نیشتەجێبوونیان دۆزیوەتەوە لە نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ.
- جێگری وەرۆك وەزیران ڕایگەیاند کە پێنج یان شەش کەمپی تر لە پارێزگای دهۆك پاڵپشتی دارایی دەکرێن لەلایەن حکومەتی عێراق بۆ نیشتەجێکردنی ئەو ئاوارانەی کە هێشتا لە کەمپەکان ناژین یان بەبێ شوێنی نیشتەجێبوونی ڕێك و پێکن. ئەو کەمپانە ١٢٠٠٠٠ ئاوارە لەخۆدەگرن و بۆشاییەکە پردەکاتەوە بۆ ئەو ئاوارانەی کە بەبێ شوێنی نیشتەجێبوونی ڕێك و پێکن لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە نزیکەی بۆ ٤٦٠٠٠، ئەگەر هەموو کەمپەکان بەڕێوەبچن لەوپەری توانایان. پارێزگای دهۆك پێشوەختە چوار کەمپی بەڕێوە دەچێت و شەشی تریش لە ژێر پەرەپێدان دان.
- گروپێکی کار هەڵدەستن بە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکانی کە تەواو نەکراون و بەجێهێڵدراون دەستی پێکردووە لە پارێزگای دهۆك
- زیاتر لە ٦٥٧٥ کەل و پەلی ناخۆراکی دابەشکراون لە پارێزگاکانی دهۆك و موسڵ و هەولێر و کەرکوك و میسان و بەغدا و دیالە و کەربەلا و زیقار و سلێمانی و واسیت لەلایەن هاوکارانی گروپ بەدرێژایی ماوەی ڕاپۆرتکردنەکە.
- هاوکاری وەرزی زستانەی هاوکارێك ٤٧٠٠ خێزانی ئاوارەی لەناو کەمپەکان کردۆتە ئامانج، هەرچەندە لەوانەیە ئەمە زیاد بکات، و ٣٠٠٠٠ خێزان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هاوکاریەکی زۆر بۆ پارێزگای دهۆك دەبێت کە دەکاتە (لەسەدا ٦٣)

دوابەدوای هەولێر کە دەکاتە (لەسەدا ٢٠) و لە سلێمانیش کە دەکاتە (لەسەدا ١٧). دابەشکردنەکان لەسەر بنەمای پێویستیەکان دەبێت. کاری هەرە سەرەکی بۆ ئەو خێزانانە دەبێت کە هاوکاری وەرزی زستانەیان وەرنەگرتووە لە ساڵی ڕابردوو. هاوکارەکە تەنها دەتوانێ دابینی بکات بۆ ئەو خێزانە ئاوارانەی کە کۆمەکی دوو مانگی کیرۆسینیان وەرگرتووە لەم زستانە، کە پێك دێت لە ٢٠٠ لیتری بۆ هەر خێزانێك بۆ هەر مانگێك. کیرۆسینی ساڵی ڕابردوو بۆ چێشلێنان و گەرم کردنەوە دابین کرابوو بۆ چوار مانگی زستان.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- گروپەکە زانیاری کۆدەکاتەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی  پارێزگای دهۆك بۆ دابین کردنی شیکاری قەزا بچووکەکان و شوێنە دیاریکراوەکانی خێزانە ئاوارەکان و ئاوارەکانی تر کە هێشتا کەل و پەلی ناخۆراکیان وەرنەگرتووە. ئەمە ڕێگە دەدات بە گروپەکە بۆ دەستنشانکردنی ئەو شوێنەی کە هیچ یان هاوکاریەکی ناتەواو دابین کراوە بۆ ئاوارەکان.
- لە هەڵسەنگاندنەکانی پارێزگای سلێمانی کە جێبەجێکراون بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکان یان لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان دەژین بۆ بڕیار دان لەسەر پێویستیەکانی وەرزی زستانەیان یان بۆ ئەگەری نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنی نیشتەجێیانە. هەتا ئێستا ٢٣٠٠ باڵەخانەی تەواو نەکراو و چۆڵکراو کراونەتە ئامانج بۆ نۆژەنکردنەوە لە پارێزگای دهۆك. هەڵسەنگاندنەکە بەردەوامە لە بڕیاردان لە سەر جۆرەکانی نیشتەجێبوون و ژمارەی ئەو خەڵکەی کە تیایاندا دەژین بۆ ئاشکراکردنی بۆشاییەکان لە هاوکاری.

## تەندروستی

پێویستیەکان:

- دەستگەیشتی باشتر بۆ هەردوو خزمەتگوزاریە سەرەتایی و ناوەندیەکانی چاودێری تەندروستی.
- زیاد کردنی کۆمەکیە پزیشکیەکان، لەوانە بۆ ئەو ئاوارانەی کە دەناڵێنن بە دەست نەخۆشیە درێژخایەنەکان.
- زیاد کردنی چالاکیەکانی بەرگری نیشتمانی بۆ دەست گەیشتن بە زۆربەی منداڵان لە نێوان ئاوارەکان و ئاوارە سوریەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان.
- زیاد کردنی دەستگەیشتن بۆ دانیشتووان بۆ خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و چاودێری کەم کوریەکانی منداڵ بوون.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە خزمەتگوزاری فریاگوزاری چاودێری تەندروستی بۆ ٩٠٠ ئاوارە دابین دەکات لە کەمپی عەربەت، پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالە لە کەمپی ئاوارەکانی خانەقین. خزمەتگوزاریەکانی تاقیگە داواکراون بۆ هەردوو کەمپی ئاوارەکان.
- دوابەدوای پارێزگاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەستگەیشتن، هاوکارانی گروپەکە کوتانی دژی ئیفلیجیان گەیاند، دەرمانەکانی دژی نەخۆشی سی و دەرمانە زۆر پێویستەکانی تر بۆ بەرێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای موسڵ.
- هەڵمەتی کوتانی دژی ئیفلیجی ئەنجام درا لە نێوان ١٤ تا ١٨ی ئەیلول بە ئامانجی پێنج ملیۆن منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵان لەسەدا ٨٩ی ئامانجەکە بەدەستهێنرا.
- نۆرینگەیەکی نەخۆشی لە کەمپی ئاوارەی شاریە لە پارێزگای دهۆك، دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئافرەتانی دووگیان و نۆرینگەیی لە نێوان خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی تر، خشتەی بۆ دانراوە کەوا زوو دەست پێبکات.

- گروپەکە خزمەتگوزاری سەرەتایی چاودێری تەندروستی بۆی دابین کراوە بۆ ئاوارەکانی کە دەکەونە پارێزگای دهۆك سێ نۆرینگەی گەڕۆك بەکاردەهێنن کە بەڕێوەدەچن هەموو ڕۆژێك لە کەمپەکانی شاریە و زاخۆ. شاری کەرکوك دوو نۆرینگەی گەڕۆك کارەکان بەڕێوە دەبەن.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- نەبوونی ئاسایش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەستگەیشتن بە پارێزگاکانی زیان بەرکەوتووی ململانێ وەکو ئەنبار و کەرکوك و سەلاحەددین و ناوچەکانی تر.

- هاوکارانی تەندروستی کەمتر لە عێراق کارەکان بەڕێوە دەبەن، سەرەڕای گروپەکان بانگەشەی هاوکارانی زیاتر دەکەن بۆ دەستپێشخەری لە ناو کەرتەکە و هاوکاریکردن لەداخستنی بۆشاییەکانی عێراق کە پێویستیەکانی تەندروسیتی زیاد دەکات.

## پاراستن

پێویستیەکان:

- ڕاپۆرت هەن لەبارەی بەڵگەنامەی پێناسەی ئاوارەکان ئاڵۆزکراون لەلایەن دەسەڵاتداران تاوەکو کۆنترۆڵی جولەیان بکەن. سنورداركردنی جولەی ئاوارەکان ڕێگریان دەکات کە بتوانن بە دوای ڕێگای ژیان و گوزەرانی جێگرەوە بگەڕێن.

- نەبوونی هاوکاری دەروونی و ئاسانکاریەکانی داهینان بۆ منداڵان، دەرفەتە سنوردارەکان بۆ پەروەردە، و دەستگەیشتنی ناتەواو بۆ ئاوی خواردنەوەی سەلامەت و جل و بەرگی زستانەش دەستنیشانکراون وەکو پێویستی بەپەلەی کۆمەڵگای ئاوارەکان.

- چاودێرانی پاراستن لە پارێزگای دهۆك تێبینیان کردووە کە زۆربەی ئاوارەکان داوای پارەی کاش و جل و بەرگی زستانە و پێخەف دەکەن. ئاوارەکانی کە لە قوتابخانەکان و باڵەخانە گشتیەکان دەمێننەوە مەترسی لە دەرکردنیان دەردەبڕن.

وەڵامدانەوە:

- هەڵسەنگاندنی چاودێری پاراستنی بەردەوام ٤١١٩٦٦ کەس لە خۆ دەگرێت کە دەکاتە (٦٣٩٢٧ خێزان) جێبەجێکراون لەوەتەی مانگی شوباتی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، ١٢١٠٩ حالەت سەلمێنراون بۆ هاوکاری دارایی کاش، ١٨٢٠٣ حالەت هاوکاری یاساییان وەرگرتووە و ڕەوانەکردنەکان ئەنجام دراون بۆ ٦٤٢٦ کەس کە پێویستی دیاریکراویان هەیە. هاوکاری دەروونی بۆ ٨١٧٣ منداڵ و ١٢٤ قوربانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی دابین کراون. ١٣٧١٣ کەڵ و پەلی ئافرەتان دابەشکراون بۆ توندوتیژی سێکسی و شێوەکانی تری توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاوکاری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئاژانسەکانی تر، پەرە بە پلانێکی تۆمارکردنی چڕوپڕی ئاوارەکان دەدەن بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- هەڵسەنگاندنەکانی ئەم دواییە بۆشاییەکانی هاوکاری دەستنیشان دەکەن بۆ ئاوارەکان لە ناوچەکانی دەستگەیشتنی ئەستەم، لەوانە پارێزگای ئەنبار.

- توانایەکی سنوردار هەیە لە نێوان هاوکاران بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری پاراستن بۆ کەمپەکانی پلان بۆ دانراو بۆ ئاوارەکانی پارێزگای دهۆك.

## پەروەردە

پێویستیەکان:

- هەروەك لە ٣٠ی ئەیلول، ئاوارەکان ٤٣٥ قوتابخانەیان داگیرکردبوو لە پارێزگای ئەنبار، ٦٩ قوتابخانە لە پارێزگای دیالە، لەگەڵ ١٣٧ قوتابخانەی تری داگیرکراو لەلایەن گروپە چەککدارەکان. لە بەغدا ٢٩ قوتابخانە داگیرکراون یان زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان. لە پارێزگای دهۆك ٥٠١ قوتابخانە لەلایەن خێزانە ئاوارەکان داگیرکراون و ١٢٥ قوتابخانە بەم دواییە چۆڵکران. داگیرکردنەکان دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ دوادەخەن.

- پێویستیەك هەیە بۆ پارێزگاری بۆ بۆشاییە تەرخانکراوەکان بۆ باڵەخانەکانی پەروەردە لە کەمپە نوێ دامەزراوەکانی ئاوارەکان.

- هاوکاری دەروونی بۆ هەردوو منداڵان و مامۆستاکان داوای پرۆسەکە دەکەن بۆ ناو وەڵامدانەوەی پەروەردە.

وەڵامدانەوە:

- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێبەریەکان پەرەپێدەدات لەگەڵ هاوکاری گروپ، بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان کە پێشوەختە لەلایەن ئاوارەکان داگیرکرابوو. لە نێوان پێشنیارەکان بریتین لە بەکارهێنانی کۆمەڵەکانی مامۆستای خێزانی بۆ هاوکاریکردن لە نۆژەنکردنەوەکان.

- مەنهەجی عەرەبی نیشتمانی عێراق بە ٩٧٦ ئاوارە دەگوترێتەوە بۆ منداڵانی پۆلی یەك تاوەکو پۆلی شەش کە دەکاتە ( ٤٦٨ کوڕ و ٥٠٨ کچ) لە دوو پۆلی خوێندنی ناو ڕەشماڵ لە شاری هەولێر لە قەزای عەنکاوە ( لە کڵێسای مارت شمونی و نزیك هۆڵی مەرحەبا)

- لە کەمپی ئاوارەی بەحرکەی هەولێر ٨٤١ منداڵ کە دەکاتە (٣٦٨ کوڕ و ٤٧٣ کچ) لە چالاکیەکانی پەروەردەیی و داهێنانەکان ئامادەییان هەیە. چاودێری سەرەتایی منداڵێتی و پەرەپێدانی پرۆگرامدانان، هاوکاری و چاودێری کردنیش بەردەوامی هەیە بۆ ١٤٩ منداڵان لە نێوان تەمەنەکانی سێ ساڵان تاوەکو شەش ساڵان کە دەکاتە (٨٥ کوڕ و ٦٤ کچ). ١٩٢٤ زیاتریش کەدەکاتە (١٠٣٨ کوڕ و ٨٨٦ کچ) لە قوتابخانەی شاروانی شەقلاوە ئامادەییان هەیە.

- لە فادیە، لە پارێزگای دهۆك، ژینگەیەکی منداڵانە دابین کراوە بۆ ٢٧١ منداڵ کە دەکاتە ( ١٤٨ کوڕ و ١٢٣ کچ) لە تەمەنەکانی نێوان ٣ تا ١٧ ساڵی. لە پارێزگای دهۆك لە قوتابخانەی ڤارسیتی کەرتی منداڵانە هەن بۆ ١٥٠ منداڵ کە دەکاتە (٩٣ کوڕ و ٥٧ کچ) بە دابین کردنی ژمارەیەك لە باڵەخانە پەروەردەیی و داهێنانەکان.

- لە قوتابخانەکانی خانکێ و شاریە لە پارێزگای دهۆك ١٥٢٠ منداڵ دەستیان دەگات بە چالاکیەکانی داهێنان لە ڕێگەی دامەزراندنی ١٠ سەنتەری پەرەپێدانی منداڵان.

- بنیاتنانی سێ ژینگەی فێربوونی جێگرەوەی پێش فابریکی بۆ فێرکردنی منداڵان لە شێوەی عەرەبی تەواوکراون لە زەهاوی، لە پارێزگای سلێمانی.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- ڕوونکردنەوەکان بۆ تۆمارکردنی منداڵانی ئاوارە بۆ ناو قوتابخانەکان داواکراوە لەلایەن حکومەتی عێراق. گروپەکە بەردەوامە لە پارێزگاری بۆ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بۆ ڕێبەری ڕوون تاوەکو دابمەزرێن بۆ ئاوارەکان یان قوتابیە ئاوارەکان تاوەکو بخرێنە ناو قوتابخانەکان شێوەی عەرەبی.

- نەك هەموو منداڵە ئاوارەکان تەمەنی قوتابخانەیان هەیە کە لە کۆمەڵگا خانەخوێکان دەژین بتوانن ئامادە بین لە قوتابخانەکان بەهۆی قەرەباڵغی و ئاستەنگەکانی زمان.

- ئاوارەبوون و نەبوونی ئەمن و ئاسایش لە هەندێ ناوچەدا ئەستەمی دێنێتە کایەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وشیکاری.

## کەل و پەلەکان

پێویستیەکان: .

- پرۆگرامی وەرزی زستانەی کۆمەڵگای مرۆیی خشتەی بۆ دانراوە تاوەکو بەزوویی دەستپێبکات داواکان بۆ خەزنکردنی کۆگای زیاتر و توانای گواستنەوە پێشبینی کراوە لەلایەن هاوکارانەوە.

وەڵامدانەوە:

- گروپەکە هەماهەنگی دەکات لەگەڵ ڕێکخەری هەماهەنگی و هاوکاری مرۆیی بۆ کۆکردنەوەی ئەوەی ماوەتەوە لە ٥٠٠٠ تەن بەخشینەکانی دوولایەنە کە وەرگیراوە لەلایەن بەخشەرانی ئەوروپی لە مانگی ئابدا. دوو لە هاوکاران خشتەیان بۆ دانراوە کەوا دەست بکەن بە کۆکردنەوەی بەخشینە زۆرەکان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە ڕۆژی ١ی مانگی ١٠.
- کۆگای دهۆك کارەکە بەڕێوە دەبات بەشێوەیەکی ئاسایی و گروپەکە ڕەزامەندی لەسەر داوایەکی هاوکاری داوە بۆ خەزنکردنی نزیکەی ٣٥ تەن کە کەل و پەلی ناخۆراکی لە باڵەخانەکە. فریاگوزاری هاوکاری خەزنکردنی کۆگاش لەبەردەستدایە لە باڵەخانەی گروپەکە لە هەولێر.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- پێناسەکردنی ڕێسا و یاسایە نوێیەکان لەلایەن خزمەتگوزاری ئاسایشی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ گەیاندن و پاککردنەوەی بارهەڵگری مرۆیی کە دێتە ژوورەوە لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلول. گروپەکە دەستنیشانکراوە وەکو خاڵی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاکردنەوەی بارهەڵگرە نوێیەکە. هەموو ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت خاڵیکی گرنگ دەستنیشان بکەن بۆ ئاگادارکردنەوەی گروپەکە لە جولەی بارهەڵگرەکە و ڕادەستکردنی بەڵگەنامەی پەیوەندیدار پێش گەیشتنی گەشتەکانی کە بارهەڵگری مرۆیی دەگوازێتەوە بۆ هەولێر. لەوەتەی یاسا نوێەکان کە کاریگەری هەبووە، یەك گەشتی بارهەڵگری یونیسێف گەیشتووە لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلول و بارهەڵگرەکە پاککراوەتەوە لە ڕۆژی دواتر.

## گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

پێویستیەکان:

- کۆمەڵگای مرۆیی داوای فریاگوزاری تەکنەلۆجیای زانیاری و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندی دوورە دەست دەکات. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ لە شارە گەورەکان ئاسایشی ستافی مرۆیی باشتر دەکات، لەوکاتەی دابین کردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە کەمپەکان ڕێگە بە ڕێکخراوەکانی مرۆیی دەدات بۆ گفتوگۆ و هەماهەنگی بەڕێوەبردنی کارەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر .

وەڵامدانەوە:

- ژووری ڕادیۆ لە کەمپی دۆمیز، کە دەکەوێتە ٢٠ کم لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆك، ئێستا بە باشی کاردەکات لە دوای ڕاهێنانەکەی بەکاربەرەکان.
- بەستنەوەی ئینتەرنێت لە کەمپی دۆمیز لە ڕێگای شەپۆلی پێکەوەبەستن لە شاری دهۆك. گروپەکە ئەم بەستنە بەبێ وایەرە دابەشدەکات بۆ هەموو ڕێکخراوە مرۆییەکان لە بەڕێوەبردنی کەمپەکە.

بۆشاییەکان و سنورەکان:

- خزمەتگوزاری ڕادیۆ لە ناوچە سەرەکیەکانی کارکردن، وەکو شارەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی، ئێستا لەبەردەستی ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا نیە. خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆی UNAMI سنوردارن بۆ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەبەردەست دان تەنها لە شێوەی ژمارەیی، لەوکاتەی زۆرینەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان شێوازی ئەنەلۆگ بەکاردەهێنن.
- ئێستا گروپەکە تەنها دەستی دەگات بە چوار لەرەلەری دووانی کە گروپەکە سنوردار دەکات کە تەنها توانای هەبێت بۆ ناردنی چوار کەناڵی ڕادیۆی VHF لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەمەش ڕێگر دەبێت لە ژمارەیەك شوێن لەوەی کە خزمەتگوزاریەکانی ڕادیۆ دەتوانرێ بنێردرێ بۆ دوو کەناڵ. ئەمەش مانای وایە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمەڵگای نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها دەتوانن یەك کەناڵیان هەبێت.
- بەستنەوەی ئینتەرنێت داواکراوە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکان کە کارەکە بەڕێوە دەبەن لە کەمپەکانی ئاوارەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکانی دهۆك و سلێمانی.

## ڕێکخستنی گشتی

پلانی وەڵامدانەوەی ستراتیژی چاوپیاخشێنراو کە ماوەی مانگی شوباتی ٢٠١٤ تاوەکو مانگی ١٢ی ٢٠١٥ لەخۆ دەگرێت لە هەنگاوەکانی کۆتایی دایە لە ڕاوێژکردن لەگەڵ تیمی مرۆیی ووڵات و حکومەتی عێراق و دەستی پێدەکرێت لە ناوەڕاستی مانگی ١٠.

**زانیاری لەسەر قەیرانەکە**

لەوەتەی کەوتنی موسڵ لە ٩ی حوزەیران، گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆن، لەوانە بەعسیەکان، میلیشیا عەشایریەکان و ئەندامانی پێشووی ڕژێم / سەربازی، شان بە شان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، ڕووبەرێکی فراوانیان لە پارێزگاکانی عێراق کۆنترۆڵکردووە لەوانە موسڵ، سەلاحەدین و دیالە. شارەکانی موسڵ و تکریت و تەلعەفەر و بێجی و قوایەرە و سنجار و سلێمان بەگ و ڕەشید و حەویجە و ریاز و فەلەجە و سەقلاویە، ئێستا لەژێر کۆنتۆڵی گروپە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاران دان. لەوەتەی مانگی ١ ڕووبەرێکی زۆری ئەنبار لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دایە. ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوخۆی عێراق. ئێستا عێراق بە گەورەترین دانیشتوانی ئاوارەبووی ناوخۆ لە هەموو جیهان دادەنرێت؛ زیاتر لە 1.8 ملیۆن ئاوارەبووان هەن لەوەتەی مانگی ١ی ئەم ساڵ.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:

باربەرا مانزی، سەرۆکی نووسینگە، manzi@un.org,

مۆبایل عێراق: +964 (0) 750 312 9201

دەیڤد سوانسۆن، ئەفسەری زانیاری گشتی، swanson@un.org

مۆبایل عێراق+964 (0) 750-377-0849

بەدوا داچوون بۆ ئۆتچا عێراق بکەن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر: @OCHAIraq

بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم ماڵپەرە بکەن: https://iraq.humanitarianresponse.info